پ: باس لە ڕۆڵی کورد بەکە لە دامەزراندنی قوتابخانە؟

## 3. قوتابخانەکان (المدارس):

کاتی بازنە زانستیەکان لە مزگەوتەکاندا زۆر فراوان بوون ، وژمارەی خوێندکار زۆر بوّ ، ناڕەحەتییان دروستکرد بۆ هەنێ لە نوێژخوێنان کە گوێیان لە دەنگی مشتومڕی بەرزو گەرمی ناو مزگەوتی دەبیست، لە مەوە فێربوون لە مزگەوتەکانەوە گوازرایەوە بۆ قوتابخانەکان، لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی زانستدا دەبوو شوێنی تایبەت و لەبار دیاری بکرێ بۆ مامۆستا و خوێندکاران تا دەرفەتی فراوانتریان هەبێ بۆ توێژینەوەو گفتوگۆ. مامۆستایان کەوتنە بە پیشە کردنی خوێندن و ئەوەشیان لە خوێندنگەکاندا بەدیکرد کە لە سەردەمی ئێستاماندا زانکۆکان هاوشێوەی ئەوانەن.

قوتابخانەکان لە مزگەوت و دامەزراوە فێرکاریەکانی تر جیاواز بوون، دیارترین هێماکانی قوتابخانەکان هۆڵەکانی خوێندن یان هەیوان بوو، قوتابخانەکان شوێنی نیشتەجێ بوونی خوێندکارو مامۆستایانیان لە خۆدەگرت. مزگەوتیان تێدابوو بۆ نوێژ ، کتێبخانەیان تێدا بوو کە مامۆستا و خوێندکاران سوودیان لێ وەردەگرت، هەروەها هەندێکیان نەخۆشخانەی تیابووە، ئەمە وێڕای بەشەکانی تری وەك حەمام وهۆڵی خواردن ....هتد.

زۆر جار دەوڵەت سەرپەرشتی ئەو خوێندنگانەی دەکرد وگرنگی دەدا بە خوێندن ویارمەتی مامۆستا لێهاتووەکانی دەکرد و خوێندنی دەکرد بە خۆڕایی بۆ هەر کەسی حەز بە خوێندن بکات، بەڵکو زۆربەی قوتابخانەکان مووچەیان بۆ خوێندکارە هەژارەکان دانابوو. بەم شێوەیە قوتابخانەکان ڕۆڵی پەروەردەیی خۆی جێبەجێ کرد، لەگەڵ مزگەوتەکان ودامەزراوە پەروەردەییەکانی تر .

قوتابخانەکان لە سەردەمی هاوەڵاندا نەبوون بەڵکو لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچیدا دامەزران، هەروەها لە سەردەمی عەباسییەکاندا بەناوبانگ ترین کتێبخانە وزانکوی سەردەمی خۆی، بيت الحكمه بوو کە سەنتەریکی زانستی کە هەموو بەشە زانستییەکانی لە خۆ دەکرد لە زانستی شەرعی وزانستی عەقلی،دواتر زیاتر گەشەی کرد لە سەردەمی سەلجووقیەکان بە شێوازیکی نیزامی دامەزراوە لە لایان نیزامولولك لە سەدەی پێنجەمی کۆچی ، کە ژمارەیەك لە قوتابخانەی دروست کرد لە بەغدا و بەسرە و موصل ، پاڵنەری دروست کردنی ئەمانەش لە پاڵ گەشەی زانستی سیاسی و مەزهەبی بوو، بۆ دژایەتی فاتیمیەکان کە شیعە بوون لە میسر دوای ئەوەی لە سەردەمی ئەواندا جامیعەی ئەزهەر دەرکەوت، لە ڕووی سیاسیشەوە نیزامولولك ئەمەی کرد بۆ سەرخستنی خیلافەتی عەباسی.

دواتر قوتابخانەکان گەشەکردنی بە خۆیەوە بینی بە تایبەتی لە سەر دەستی کورد، بە تایبەتی بنەماڵەی ئەیوبیەکان لە دوای روخانی دەوڵەتی فاتیمیەکان لە سەر دەستی سەلاحەددین ئەلئیوبی، کە هەستا بە دروست کردنی قوتابخانە

بلاْوبوونەوەیان بەخۆوە بینی. هەر پیش ئەوش لە دیمەشق ژمارەیکی زۆری قوتا بخانە هەبوون بە تایبەتی لە سەردەمی ئەیووبیدا کە قوتا بخانی سەلاحی لە حەلەب هەبوو کە ئەمیر سەلاحەدین یوسف دا یمەزراندو لەسەر چوار مەزهەبەکە داینا.

لە بزوتنەوەی بوژانەوەی زانستیدا تەنیا گرینگی نەدەدەرا بە دروستکردنی قوتا بخانەکاندا، بەڵکو باشترین و خوا پەرستترین مامۆستایان بۆ ئەم قوتا بخانانە هەڵدەبژارد کە زۆرترین قبوڵکراو بوون لە لای چینی قوتابیان و خوازیاری زانست بوون لە وەش زیاتر هەندێك قوتا بخانە بە تایبەتی بۆ زانایکی دیاریکراو دادەمەزرا کە بە زانستەکەی و پیگەی خۆی لە ناو خەڵکدا بە ناوبانگ بوو، بۆ نموونە شازادە ناسر الدین ئەلقەیمەری ئەلکوردی قوتا بخانەیکی تایبەتی دروست کرد بۆ قازی ، دادوەر( القاچی ) عەلی کوڕی مەحمود کوڕی عەلی کوڕی مەحرەز کوڕی عەلی شەهرەزوری، ولەگەڵ دامەزراندنیدا بڕیاریدا کە دوای کۆچی شەرەزوری منداڵەکانی ونەوەکانی دەستیان بە سەر کاروبارەکانی قۆتا بخانەکدا بگرن. لە ناو دارترین نەوەکانی کە کاروباری ئەو قوتا بخانی گرتە ئەستۆ ، کوڕەکەی شێخ سەلاحەددین مەحەمد الشهرەزوری بووك ە لە سالێ( 681 ك )کۆچی دوای کرد کە لە هەمان قوتا بخانە بوو بە بەڕێوبەر ومامۆستا ( أستاذ ).

هەروەها پەیوەندی نێوان قوتا بخانە و ئەرکی دادوەری بە هێزتر بوو ، بە هۆی ئەوەی یەکەمیان تەرخانکرابوو بۆ خوێندنی یاسا وفیقهی ، و دوومیان بو جێیە جێکردنی شەریعەت وحوکمکردن لە نێو خەڵکدا بە پێی یاساکان، لێرەوە سیستەمی تێکەڵکردنی ئەرکەکانی پێداچوونەوە بە وەقفەکانی وانەووتنەوە ودەسەلاتی دادوەری سەریهەڵدا وئەمەش بووە نەریتیك کە لە دەوڵەتی ئەیوبیدا پەیڕەو دەکرا.

بۆ نموونە( قاضي القضاة ) سەرۆکی دادوەری شمس الدین ئیبن خەلیکان ئەربیلی کە لەساڵی (681ك) کۆچی دوای کردووە لە حەوت قوتا بخانە دا وانەی وەتتەووە و کاری دادوەری کردووە وەك قوتا بخانەی ناصریە وعذراویة وفلکیە والرکنیە .... هتد . زۆرێك لە زانایانی کورد لە نێویاندا وەك بەڕێوەبەری قوتا بخانە کاریان دەکرد، عەبد والقادری کوڕی موحەمد کوڕی ئەبی کەرم عەبدو الرحمن سنجاری، کە دادوەر بووە لە شاری حەلەب بۆ مەزهەبی حەنەفی ووەك سەرپەرشتیاری قوتا بخانەی عصرونیە کاری کردووە، زانایەکی لیچ هاتوو بووە جوان بۆ لە ڕواڵت و ڕەفتاردا.

سەبارت بە هەڵبژاردنی مامۆستایان بە سەرپەرشتی سوڵتان یان وەزیر یان خاوەن وەقف (کە بە ڕپەرسی کارو باری قوتا بخانە بوو) ئەنجام دەدرا، هەر قوتا بخانەیەك مەرجی تایبەتی بە خووی هەبوو کە لە لایان دامەزرینەرەکەی دادەنرا بۆ دانانی مامۆستا (أستاژ) وئەمەش کە لە لایان سەرپەرشتیاری وەقفەوە سەرپەرشتی دەکرا، زۆر جار دادوەریش چاودێریکردنی جیٚ بە جێکردنی مەرجەکانی وەقفدا دەکرد، لە و مەرجانەش کە زۆر هاوبەش بوون ، دڵسوزی لە

وانەووتنەوە وفێرکردنی ودیسپلینکردنی قوتابیەکانی هەروەها خاون فەزیلەت و ئایین و ژێر وشکۆ و شکۆمەندی و داد پەرور بیت ، هەروەها خاون سۆز بیت خۆی لە دوور بگرێ تلە توندوو تیژی لەگەل قوتابییان ، هەروەها ئەو کەسانە هەڵدەبژارد کە پێشتر ناوبانگیان هەبوو بۆ ئەم پۆستە کە خاوەنی پێگەیەکی زانستی بەناوبانگە کە شایستەی ئەم ئەرکە زانستییە گەورەیە دەکات.

هەڵبژاردنی مامۆستایان زۆرجار پەیوەست بوو بە ئەو شەێخانەی (الشیوخ) کە مۆڵتیان لێ وەرگرتبوو، یان ڕۆڵی لە نووسین و لێکۆڵینەوە هەبیت و کتێبی بە نرخەی نووسیی بیت. زۆر ئاسان نەبوو بەدەست هینانی پوەستی مامۆستا لە نێو قوتابخانە، دەبوایە هەڵبژاردەکە پێشتر ناوبانگیان هەبیت وپێگەیەکی زانستی بەرزی هەبیت لە نێو گومەڵگا تا شایەستەی ئەم ئەرکە زانستیە بیت. ژمارەیك لە مامۆستایانی کورد لە نێو ئەم چینە نوخبەی بە شداریان کرد لە بزوتنەووە زانستیە کە هاوشانی نەتەوەکانی تر بوون لە وانە ووتنەوە لە جیهانی ئیسلامیدا ، هەروەها بومان دەرئەکویت کە کورد کەسانی بە توانا و زێرەك و شکۆمەندی تێ دا هەبوو وکاری کردووە زۆر بە دڵسوزی بوو خزمەت کردنی شارەستانیەتی ئیسلام ، هەر بۆ ئاماژە وسەرنج لە سەدەکانی حەوتەم وهەشتەمی کۆچی ژمارەی مامۆستایانی کورد نێزیك 78 مامۆستا بوون.

هەروەها هەڵبژاردنی مامۆستایان زۆر جار بەند بۆ بە گەورەکانی ئەو شێخانەی کە زانستی لێ وەرگرتوە و گەشتە زانستییەکانی و ناسراوو بوون بە لێکۆڵینەوە لە زانست و بە و کتێبە بە نرخانەی کە نووسی بوی، بۆیە بویبە دەست هێنانی ئەم پیشەیە کاریکی ئاسان نەبوو، وتەنها ئەو کەسانە دەیانتوانی بە دەستی بهێنن کە شارەزایی تەواویان لەو بوارده هەبوو وهەر ئەمش بوو هۆی هاندانی نووسین . پیگەی مامۆستا لە نێو گۆمەڵگادا زۆر بەرز دەنرخا وکاریگەرییان هەبوو لە سەر گۆمەڵگا. شایەنی باسە مامۆستایی ئەو قوتا بخانان بە شێکیان ئینسایکلۆپیدیا بوون وشارەزایی زیاتریان هەبوو لە زانستێك.

هەروەها لە نیوّ ئەم قوتا بخانەدا پیشەی موعید هەبوو واتەی یاریدەدەرانی وانەبێژ ، ویارەمەتی مامۆستایی دە دا لە نووسین و دووبار وانەکانی بۆ قوتابیان دەووتەوە. هەر مامۆستایك دوو موعیدی هەبوو. کورد بەشداریی لە کاری یاریدەدەری وانەبێژدا(موعید) کرد، بۆ نموونە، موحەمەد کوڕی عەبدولوەهاب کوڕی مەنسور ئەبو عەبدوڵ شەمس الدین ئەلحەرانی ئەلحەنبەلی، کە لە ساڵی (675ك) کۆچی دوایی کرد، کاری موعیدی دەکرد لە قوتا بخانەی جەوزیە لە دیمەشق. هەروەها عەبدوڵا موحەممد کوڕی ئیبراهیم کوڕی داوود کوڕی نەصر هەکاری کوردی شافیعی کە لە ساڵی 759ك کۆچی دوایی کردووە کاری موعیدی کردووە. هەروەها عیز الدین ئەبو حەفس عومەر کوڕی ئەسعەد کوڕی ئەبی غالب

ئەربیلی ( م 675ك ) موعیجیكی بەناوبانگ بۆ لە قوتا بخانەی البادرائیە ، تا دواتر بەلی بەرز بووەتەوە بوو بە مامۆستا و دادوەر لە هەمان قوتا بخانە.

کاتێك قوتا بخانە دامەزران و مامۆستایان دامەزران مووچەیان وەرئەگرت مانگانەی لە گە نجینەی گشتی یان لە داهاتی وەقف، ئەم مووچەیش بە پێی پیگەی مامۆستا جیاواز بوو و داهاتی وەقفەی قوتا بخانەکە. یەكێك لەو قوتا بخانانەی كە بە ناوبانگ بوو بە بەخشینی مووچەی بەرز و زۆر ، قوتا بخانەی الشامیە الجوانیە، هەر لە بەر ئەم هۆکارەش زانایان كێبڕكێیان دەكرد بۆ ئەوەی تێیدا وانە بلێنەوە، لە زانا كوردەكان كە دەرفەتەیان بەدەست كەوت كە كار بەكەن لەم قوتا بخانەیە ئیمامی بەناوبانگ ئەبی عمرو كوڕی سەلاح الشهرەزوری ، بە هۆی توانەی و لێهاتووی خۆی داوای لێكرا كە وانە لەو قوتا بخانەیە بلێتەووە.

ئەم قوتا بخانانە لەم سەردەمەدا بە پەرۆشەوە هەموو پێداویستیەكانی خوێندكاران و مامۆستایانی دابین دەكرد ،بە تایبەتی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆیان، بۆ ئەوەی خوێندكار ومامۆستا بیانییەكان وخوێندكارە هەژارەكان لە دانیشتوانی ناوچەكە ژینگەیەكی گونجاو بۆ خوێندنیان هەبێت. سیستەمی بەشەناوخۆیەكان لە قوتا بخانە ئیسلامیەكان یەكێك بوو لە شكۆمەندیەكانی پەروەردەی ئیسلامی، ئەم سیستەمە یارمەتیدەر بوو بۆ دابینكردنی كەشێكی گونجاو بۆ خوێندكاران و مامۆستایان.ئەم بەشە ناوخویانە هاوشێوەی خانووبەرەی زانكۆی ئەمڕۆیە، بەلام لەگەڵ جیاوازیی زۆڕ لە خزمەتگوزاری دا ، ئامانج لەوە ئەو بوو بۆ دابینكردنی كەشێكی ئارام وئاسوودەیی وڕێكوپێك، بە جۆرێك مانەووە لەم بەشە ناوخۆیانە مەرجی رەوەشتی وهەڵسووكەوتی جوانی تێدا بەدی دەكری، كە لە چوارچێوەی ئادابەكانی نیشتەجێبوونی قوتا بخانەكاندا دیاری كرابوون، وەك ئادابەكانی چوونە ژوورەوە ودەرچوون، هەروەها داوایان لە دانیشتووی خانووەكانی سەرەوە كە بە هێواشی بڕوات وئاكاداری دەنكە دەنك بێت بۆ ئەوەی زیان بە خوێندكاران نەگەیەنێت ئەم مەرجە وەردانە ئاماژەن بۆ ئاستایی بەرزبوونەی رۆشەنبیری ئەو سەردەمە و وردبینی كولتووری وشارستانی ئەو كۆمەڵگایە.

هەروەها لەوەش زیاتر زۆرەبەی قوتابخانەكان شوێنی تایبەت بۆ نیشتەجێبوونی مامۆستایان وتەنانەت خێزانەكانیشان دابین دەكرد، وەك زانەیكی كورد كە لە گەڵ خیزانەكی لە قوتا بخانی الصالحیە لە میسر نێشتەجیی بۆو بۆ ماوەی بیست ساڵ ئەوەیش زانا عەبودوللە كوڕی عەلی جمال الدین الماردینی(م: 799ك). و مەلیك ئەشرەف مووسا كوڕی مەلیك عادیل سەیف الدین ئەبی بەكر لە قوتا بخانەكەی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ مامۆستا و خیزانی دا بین كردووە. ئەم هۆكارانە پێكەوە بوونە هۆی زیادبوونی ژمارەی زانا و خوێندكارانی زانست كە كۆچیان دەكرد بۆ ئەو قوتا بخانەنان.

ئەمەش جگە لە دابین کردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان کە ڕۆڵی هەبوو لە دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان لەم قوتابخانانەدا، وەك ئەو کارانەی پەیوەستن بە کڕین وئامادەکردن ودابەشکردنی ئەو خۆراکانەی کە لە قوتابخانە دەمێننەوە پێویستیان پێیەتی، وەك ئاو و خوراك وپاك و خاوینی وپاسەوانی...هتد.

هەروەها لەمەش زیاتر دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانانە چاودێری پزیشکی گشتیریان بۆ مامۆستایان و خوێندکاران پشتگوێ نەخستووە، جا لەوێ نیشتەجێ بن یان لە دەرەوەی شار ولە دورەوەوە هات بن بۆ خوێندن.وەك قوتابخانەکانی ست الشام کچی نەجم الدین ئەیوب ، قوتابخانەی الشامیە الجوانیە و الشامیە البرانیە، کە هەموو ساڵی دەرمان و خواردن دابین دەکرد لە نێو قوتابخانەدا.

هەروەها شازادە موجاهید الدین ئەبو الفوارس بزان کوڕی یامین کوڕی عەلی کوڕی موحەممەد ی کوردی (م: 555ك) قوتابخانەی المجاهدیە الجوانیە دامەزراند لە دیمەشق ، وەقفێکی زۆرس بۆ دابین کرد تا ئەو رادەییە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کار کەردن ل ەنێو ئەو قوتابخانەیە بەردوام بووە تا دوای سەدەی نۆی کۆچی/ 15ی زاییینی.

بەهمان شیوە ئافرەتی کورد قوتابخانەی دامەزراندوە واوقافیکی زۆری بۆ دابین کردووە وەك زوهرە خاتون کچی مەلیك العادل سەیف الین ئەبو بەکر ئەیوب (م: 655ھ) کە قوتابخانەی العادلیە الصغری دامەزراند لە حەلەب، و ست الشام کچی نەجم الین ئەیوب کوڕی شادی کوڕی مەروان خوشەکی سولتان صلاح الدین الایوبی ، قوتابخانەی الشامیە الجوانیە دامەزراند زۆریش پێشکەووتو بوو، هەروەها عیصمەت الدین مووئنسە خاتون کچی مەلیك عادل ئەیووبی قوتابخانەی القتبیە لە قاهیرە دامەزراند ساڵی (693ك).

ئەو قوتابخانەنان بە هەموو دام و دەزگاکانیەوە بەتاییەتی مامۆستاکانی ، کاریگەری ڕوونیان هەبوو لە ئاراستەکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا ، جگە لە کاریگەریان لە سەر لایەنی ڕۆشنبیری ، هەروەها مامۆستایانی قوتابخانە کاریان کردووە بۆ بەرەنگاربونەوە بەرامبەر هەموو لادانێکی ئەخلاقی کە رەوەشی کۆمەلگا دارمێنێ وەتێکی بدات، کە کوردیش بەشیکی گرینکی ئەم بزووتنەوەیە بووە.

قوتابخانەی العادلیە الکبری کە لە ساڵی 620ك دا دروستکردنی تەواو بووە لە سەر دەستی مەلیك موعەزەم کوڕی مەلەیك عادل، تاییە تمەند بوو لە وانەووتنەوە لە هەموو زانستە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمە، کە هاوشێوەی زانکۆی ئەمڕۆ وابوو کە زۆربەی بەشە زانەستییەکانی لە خۆ دەکرد وەك قورئان و فەرمووده وفیقە و بنەماکانی ئایین و پزیشکی و بیرکاری و فیزیا و فەلەکناسی و مێژوو و ئەدەبیات تا بوو بە یەکێك لە قوتابخانە بە ناوبانگەکانی ئەو قوناغە و سەرنجی زانا وشێخ وقوتابیانی بۆخۆی ڕاکێشا لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامی